**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٦٦٧١ لە ٢٠٢٢/٩/١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەپێمان دراوە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢

## تایبەت بە ماڵی توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم بۆ شیاندن وحەوانەوە لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ، واتاکانی بەرامبەریانە لەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم :** هەرێمی کوردستان _ عێراق.

**دووەم : وەزارەت :** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم : وەزیر :** وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی :** بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان لە پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**شەشەم: ماڵ:** ماڵی و پەروەردە و شیاندن و ڕاهێنان و فێرکردنی و توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم بەشێوەیەکی بەردەوام.

**حەفتەم: حەوانەوە:** مانەوەی توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم بەشێوەیەکی بەردەوام یان نیمچە بەردەوام لەماڵەکانی حەوانەوە.

**هەشتەم: شەبەنگی ئۆتیزم :** بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە تێکچوونی گەشەی مێشک کە کاردەکاتە سەر کارو چالاکی و فەرمانەکانی مێشك و لە دەرکەوتەکانیدا لە (١٨) هەژدە مانگی یەکەمی تەمەن هەستی پێدەکرێت و کاردەکاتە سەر ئەم ڕەفتار و دەرهاویشتانەی خوارەوە:

أ-نەبوون یان لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی .

ب- نەبوون یان لاوازی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی

ت- بوونی ڕەفتاری دووبارە و یەکرێچکە .

**نۆیەم: مانەوەی کاتی:** کاتی مانەوەکە لە (١٤) کاتژمێر زیاتر نەبێت، یان چەند ڕۆژێك لەهەفتە بێت.

**ماددەی (٢): ئامانج:**

حەوانەوەی بەشێکی دیاریکراو لە توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم و پاراستنیان لە بێلانەیی وچەوساندنەوە وئیستغلال کردن و دابینکردن و مسۆگەرکردنی مافیان و گرتنەبەری هەموو ڕێککارێك کە دەبێتە هۆی پەروەردە و شیاندن و ڕاهێنان و فێرکردن و تێکەڵ بوونیان بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵ.

**ماددەی (٣): وەزارەت هەڵدەستێت بە:**

**یەکەم:** کردنەوەی ماڵی توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم لەسەر ئاستی هەرێم .

**دووەم:** پێدانی مۆڵەت بە کەسی ئاسایی و مەعنەوی بۆ کردنەوەی ماڵی تایبەت بۆ توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزمی و سەرپەرشتی کردنی.

**مادەی(٤):**

**یەکەم:** وەزیر یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت، دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەت یان سەندنەوەی هەیە لە ماڵەکانی حەوانەوەی کەرتی تایبەت.

**دووەم:** ماوەی مۆڵەت (١) یەك ساڵە و لەسەر داوای خاوەن ماڵەکە نوێ دەکرێتەوەو، پێویستە بەلایەنی کەم پێش مانگێك لەسەر بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی داواکە پێشکەش بکات.

**سێیەم:** لقی نوێی ماڵ مۆڵەتی نوێی پێویستە.

**ماددەی (٥):**

لە هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەرێم ، لیژنە یەکی هونەری پێکدێت بەسەرۆکایەتی کارمەندێکی بواری کۆمەڵایەتی و ئەندامیەتی کارمەندێکی تەندروستی وکارمەندێکی پەروەردەیی بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی بۆ:

١- دیراسەکردنی داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی ماڵی کەرتی تایبەت و دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکان .

٢- سەرپەرشتیکردن وبەدواداچوونی ماڵ.

٣- پشکنینی مەیدانی بۆ باڵەخانەکە.

**ماددەی (٦): وەرگرتنی مۆڵەت:**

**یەکەم: مەرجەکانی پێویست لەداواکار.**

أ- خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقی بێت ودانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

ب- پسپۆری هەبێت لە یەکێك لەبوارەکانی دەروونی، کۆمەڵایەتی،پەروەردەی تایبەت، یان پابەند بێت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێکی پسپۆر.

ت- فەرمانبەری میری نەبێت.

ث- ڕەوشتی باش بێت و حوکم نەدرابێت بە هیچ سزایەکی ئابڕوو بەر.

**دووەم: بەڵگەنامەی پێویست بۆ وەرگرتنی مۆڵەت.**

أ- وێنەیەك لە کۆپی ناسنامە یان کارتی نیشتمانی.

ب- وێنەیەك لە بڕوانامەکەی خۆی یان بەڕێوەبەر.

ت- هێنانی ئەستۆپاکی لەبەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

ث- وێنەیەك لە بەڵگەنامەی مۆڵەتی کارەکانی پێشووی لەهەمان بوار (ئەگەر هەبوو).

ج- هاوپێچ کردنی بەرنامەی کاری ماڵ تیاییدا لەگەڵ پەیام و ئامانج و دید و پەیڕەوی ناوخۆی ماڵ.

ح- وێنەیەك لە بەرنامەو پلانی ڕاهێنان و شیاندنی توشبوان.

خ- ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و لایەنی پەیوەندیدار.

**سێیەم:** بەڵێن بدات بە پابەندبوونی بە ڕێنماییەکانی کردنەوەی ماڵ .

**ماددەی (٧):** ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت بۆ پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی.
**یەکەم -** بڕی (١٠٠٠٠٠٠)یەك ملیۆن دینار بۆ پێدانی مۆڵەت .
**دووەم-** بڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد وپەنجا هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت.
**ماددەی(٨): کرێی وەرگرتن و خزمەتگوزاری:**
کرێی وەرگرتن و خزمەتگوزاریەکان لەلایەن خاوەنی ماڵەکان دەستنیشان دەکرێت ولەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت لەسەر ڕاسپاردەی لیژنە لەسەر بنەمای جۆری باڵەخانەکە و کرێکارەکانی و گشت ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بەتوشبوەکان دەکرێن بەمەرجێك بارگرانی زۆر نەکەوێتە سەر شانی کەسوکار وسەرپەرشتیارانیان.
**ماددەی (٩): لیژنەی هونەری:**
دەستنیشان کردنی توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم لەلایەن ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامیەتی دیاری دەکرێت
**ماددەی (١٠): مەرجەکانی وەرگرتن و دابڕانی تووشبوی شەبەنگی ئۆتیزم لە ماڵەکان :**
**یەکەم:** مەرجەکانی وەرگرتن
پێویستە ئەو سێ مەرجەی یەکەمی تێدا بێت لەگەڵ یەکێك لەمەرجەکانی تر:
أ- دانیشتووی هەرێم بێت.
ب- تەمەنی لە ( ٢ ) دوو ساڵ کەمتر نەبێت.
ت- ڕێژەی توشبوونەکەی دەستنیشان کرابێت لەلایەن ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامیەتی.
ث- دایك وباوك یان یەکێکیان مۆڵەتی بەخێوکەری نەبێت.
ج- بێ لانە و بێ سەرپەرشت بێت.
ح- دایك وباوکی لەژیان نەمابن یان تەنها دایکی نەمابێت وباوکی توانای سەرپەرشتی کردنی نەبێت.
خ- دایك کێشەی دەروونی هەبێت یان پەککەوتە بێ وتوانای سەرپەرشتی نەبێت.
د-بەفەرمانی دادگا لە کاتی بەندکردنی دایك یان جیابونەوەیان یان بونی کێشە لەنێوانیان لەدادگا یان ئەشکەنجەدانی توشبوەکە یان بەکار هێنانی توشبوو بۆ دەرۆزە ، کاری بەدرەوشتی، دەرکردن لەماڵ، بازرگانی پێکردن بە ماددەی هۆشبەر، .....
ذ-بۆ مانەوەی کاتی لەماڵ،وەرگرتنی توشبوان بەدەر دەبێ لە مەرجەکانی وەرگرتن (ج- خ - ح- د)
**دووەم:** مەرجی دابڕان لەیەکێك لەو حاڵەتانە دەبێت:
أ- ئاشت بونەوەی دایك وباوك و نەمانی کێشەی خێزانی.
ب- چاکبونەوەی یان باشتر بوونی توشبوو توانای کارکردنی هەبێت.
ت- بەفەرمانی دادگا وبەڵێندانی خێزان بەچارەسەرکردنی کێشەکان.
ث- لەکاتی سپاردنی منداڵی شەبەنگی ئۆتیزم بە خزمەکانی یان بە خێزانی جێگرەوە.
ج- بونی نەخۆشی گواستراوە تا چارەسەر دەکرێت.
**سێیەم:** پێویستە لەگشت حاڵەتەکان پەیوەندی خێزانی بەردەوام بێت.

**ماددەی (١١) مەرجەکانی پێویست لە باڵەخانەی ماڵ :**

**یەکەم:** گونجاو ی شوێنی جوگرافی.

**دووەم:** باڵەخانەکە سەربەخۆ بێت و هاوبەش نەبێت لە ڕێڕەو وخزمەتگوزارییەکانی باڵەخانەیەکی تر، و رووبەری لە ناوەندی پارێزگاکان لە( ١٠٠٠م٢) هەزار مەتر دووجا وە بۆ شار وشارۆچکەکان لە (٥٠٠م٢) پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و تەنها نهۆمی خوارەوە تایبەت دەکرێت وبەکار دێت بۆتوشبوان .

**سێیەم:** پێویستە باخچەو یاریگای گونجاوی هەبێت .

**چوارەم:** ژووری تایبەت بەنوستن بۆ هەر یەك کەس ژورێك رووبەرەکەی لە (٣×٣)کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** چێشتخانە بۆ ئامادەکردنی سێ ژەمە خواردنی سەرەکی وژەمە سوکەکان لەگەڵ ستافێکی کارامە وە لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی و لیژنەی پشکنینی وەزارەتی تەندروستی دەبێت .

**شەشەم:** بوونی هۆڵێکی تایبەت بەنان خواردن.

**حەفتەم:** هۆڵی حەوانەوە بۆ دانشتن وبەسەر بردنی کات کە ئامێری تلفزیۆن وکۆمپیوتەر و هێلی ئەنترنێت (رۆژانە لە ٢ کاتژمێر زیاتر نەبێت) و هەندێ یاری تایبەتی تێدا بێت.

**هەشتەم:** دیوارەکانی دەرەوەی ماڵ دەبێت بەرزیەکەی لە ( ٢ ) م کەمتر نەبێت .

**نۆیەم:** رووبەری پۆلەکان لە ( ٤ × ٥ ) م٢ کەمتر نەبێت. وە هەر توشبوەکی ئۆتیزم رووبەری(٢م٢) ی بۆ تەرخان دەکرێت.

**دەیەم :** بەرزایی پەنجەرەکان لە ( ١ ) مەتر بە سەرەوە بێت جامەکانیشی لەجۆری تایبەت بێ.

**یازدەیەم :** دیوارەکانی تا بەرزایی ( ١٧٠ ) سم بە مۆکێت یان کەرەستەی پلاستیکی نەرم دادەپۆشرێت. وە پلاك و سویچی کارەبا تایبەت و لەسەرووی(١٢٠)سم بێت .

**دوازدەیەم :** بوونی هۆڵی چالاکی وەرزشی ناوەوەی ماڵ کە رووبەرەکەی لە ( ٤ × ١٠) م٢ کەمتر نەبێت .

**سێزدەیەم:** دەرگای سەرەکی پێویستە بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی کاربکات و پاسۆردی هەبێت تەنها لەلایەن کارمەندانی ماڵ بکرێتەوە .

**چواردەیەم:** هەبوونی نۆرینگەی پزیشکی کە سەرجەم پێداویستیەکانی تەندروستی لەخۆبگرێت.

**پازدەیەم:** پرسگە دەبێت لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی ماڵ بێت.

**شازدەیەم:** هەبوونی سیستەمی کامێرای چاودێری لە ناو ماڵ بۆ چاودێری گشت بەشەکانی وەبەشێوەیەکی پارێزراو بەبەرپرسیارەتی بەڕێوەبەر.

**حەڤدەیەم:** بوونی ژوورەکانی بەڕێوەبردن وکارگێری وخزمەتگوزاری بەپێی پێویست .

**هەژدەیەم:** بوونی هەردوو جۆری ئاودەستی رۆژهەڵاتی ورۆژئاوایی لە ناو ماڵ.

**نۆزدەیەم:** بوونی مەرجەکانی تەندروستی لە بینایەکە :

أ- سیستەمی فێنك کەرەوە و گەرم کەرەوەی پێویست و سەلامەت.

ب- سیستەمی هەوا گۆرکێی گونجاو.

ت- ڕووناکی باش وگونجاو.

ث- هەرمەرجێکی تر کە پێویست بێت.

**بیست** : دابینکردنی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە کە سەرجەم ڕووربەی باڵەخانەکە بگرێتەخۆی بەپێی مەرجەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی وهەبوونی دەروازەی فریاکەوتن.

**ماددەی (١٢): شێوازی ڕێکخستنی پۆلی فێرکاری ئۆتیزم :**

**یەکەم** : تەرخان کردنی گۆشەی بەرامبەر دەرگای پۆل بۆ دۆلابەکانی پاراستنی هۆکارەکانی فێرکردن و ئەو پێداویستیانەی کەلێی دروست دەکرێن لەگەڵ کەل و پەلەکانی تایبەت بە منداڵانی پۆل و جێگەی جل هەڵواسین لەگەڵ تەرخانکردنی بۆشاییەك لە تەنیشتیان بۆ هەڵواسینی خشتە و پلانی ڕۆژانە و هەفتانە .

**دووەم** :تەرخانکردنی گۆشەی دووەم بۆ کۆمپیوتەرەکانی فێرکاری نوێ کە سەرنجی توشبوان رابکێشێت .

**سێیەم** :تەرخان کردنی گۆشەی سێیەم بۆ چالاکیە پراکتیکیەکان لەلایەن مامۆستایان و توشبوان لە ڕاهێنانەکانی فێرکاری و شیاندن .

**چوارەم** : تەرخان کردنی ناوەراستی ژووری پۆل بۆ دانیشتنی توشبوان بەشێوەی نیوە بازنەیی و مامۆستاکان بەرامبەریان دەبن بەمەبەستی کۆنترۆل کردن و بینین و بەشداری پێکردنی هەموو توشبوان لە وانە تیۆرییەکان بە بەکارهێنانی هۆکاری فێرکردنی بینراو وبیستراو و بەرجەستە.

**پێنجەم**:نابێت کەل وپەلی لە شووشە درووستکراو و تیژو بریندارکەر و پەت و داو و وایەر لەپۆلدا هەبێت

**ماددەی (١٣) بەرنامە و پرۆگرام :**

**یەکەم** : وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە شەبەنگی ئۆتیزم لیژنەیەك بۆ دانانی بەرنامەو پرۆگرام پێکدێنێت لە :

أ- پزیشکی پسپۆر لە بواری ئۆتیزم .

ب- شارەزای پەروەردەیی و فێرکاری .

ت- توێژەری دەروونی.

ث- توێژەری کۆمەڵایەتی.

ج- کەسانی پسپۆر لەم بوارە.

**دووەم**: پرۆگرام و بەرنامەکانی فێرکردن وشیاندن بە شێوازی تیۆری و پراکتیکی دەبێت، بەڕێگای تاکەکەسی و کۆمەڵ کە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بواری پەروەردەیی و فێرکاری و تەندرووستی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە دادەنرێت.

**ماددەی (١٤) ستافی ماڵ**:

**یەکەم : بەڕێوەبەر** : هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی تایبەتمەند وشارەزا بێت و خزمەتی لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت لەم بوارە، وئەرکەکانی بریتی دەبێت لە :

أ- بەڕێوەبردنی ماڵ و بەرپرسیاریەتی هەموو چالاکی و بەڕێوەچوون و دابەش کردنی ئەرکی ستافی ماڵ و چاودێری کارەکان و هەر شتێکی تر کە پەیوەستبێت بەم پرۆسەیە لە ئەستۆیەتی .

ب- بەرزکردنەوەی راپۆرتی مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی.

**دووەم : یاریدەدەر :** دەبێت هەمان بڕوانامە و شارەزایی بەڕێوەبەری هەبێت و ئەرك و دەسەڵاتەكانی لەلایەن بەڕێوەبەرەوە دیاری دەکرێت بەڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کار.

**سێیەم :توێژەر** : هەبوونی توێژەری دەروونی، کۆمەڵایەتی بۆ هەر (٧) توشبوو توێژەرێك، و ئەرکەكانیان ئەمانەن:

أ- دیراسەکردنی باری توشبوان.

ب- هەماهەنگی لەگەڵ خێزانی توشبوان و سەردانیکردنیان بەبەردەوامی.

ت- کردنەوەی دۆسیەی تایبەت بە توشبوان .

ث- بەرزکردنەوەی راپۆرت دەربارەی توشبوان .

ج- هاوکاری کردنی مامۆستاکان .

**چوارەم: مامۆستا :**

هەبوونی ژمارەیەك لەمامۆستا بەتێکڕای بۆ هەر( ٥) توشبوو مامۆستایەك، و دەبێت دەرچووی یەكێك لە کۆلیژەکانی بنەرەت یان هاوتاکانی بێت و شارەزایی لە (٢) دوو ساڵ کەمتر نەبێت یان دەرچووی یەكێك لە پەیمانگاکانی پەروەردەیی و فێرکاری بێت شارەزایی لە ( ٤ ) چوار ساڵ کەمتر نەبێت وە ڕاهێنراوبن لەسەر پەروەردە و ڕاهێنان و شیاندنی توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم ، و هەر مامۆستایەك یاریدەدرێکی هەبێت کە بڕوانامەکەی لە ئامادەیی کەمتر نەبێت.

**-ئەرکەکانی مامۆستا:**

أ- بۆ چارەسەرکردنی تاك هەر مامۆستایەك فێرکردنی یەك یان دوو توشبوو لە ئەستۆ دەگرێت .

ب- مامۆستایانی پۆلەکە پێکەوە هاوکار دەبن و بەشداری لەگەڵ یەکتری دەکەن لە پرۆسەکە لەو بڕگانەی کە دەبێت بە کۆمەڵ و پێکەوە ئەنجامی بدەن لە پێناو سەرکەوتن لە کارەکەیان.

ت- تەرخانکردنی ماوەیەك لە کۆتایی دەوام بۆ دانانی پلانی رۆژی دواتر و ئامادەکردنی هۆکاری فێرکردنی پێویست بۆی .

ث- دانانی پەڕاوێك بۆ نووسینی ئەو زانیاریانەی رۆژانە دەداتە منداڵەکە و ناردنی بۆ خێزانەکەی بۆ ئەوەی ئەوانیش بە کاریبهێنن لە بواری مامەڵەکردن و فێرکردن و شیاندنیان .

ج- هەڵسەنگاندنی توشبووان لە رووی ئاستی فێربوون و بەرەوپێشچوونەوە .

**پێنجەم: چارەسەرکاری سروشتی:** هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە چارەسەری سروشتی و شارەزا بێت لەگەڵ بوونی ژمارەیەك لە یاریدەدەر بەپێی پێویست.

**شەشەم:چارەسەرکاری وەزیفی** : هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە چارەسەری وەزیفی بێت یان پەروەردەی تایبەت بە تێکڕای بۆ هەر (١٠) توشبوو چارەسەرکارێك، هەڵدەستێت بە فێرکردنی توشبوو لەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانە.

**حەفتەم: پسپۆری ڕاهێنان لەسەر قسەکردن:** پسپۆر یان ڕاهێندراو بێت لەسەر قسەکردن بۆ هەر (١٠) توشبوو ڕاهێنەرێك.

**هەشتەم: ڕاهێنەری هونەری :** دەرچووی کۆلیجی هونەرەجوانەکان یان پەیمانگای هونەرە جوانەکان بێت و ڕاهێنراو بێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ توشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم.

**نۆیەم: مامۆستای وەرزشی:** دەرچووی کۆلیژ یان پەیمانگای وەرزشی بێت ڕاهێنراو بێت لەم بوارە.

**دەیەم: چاودێر :** پێویستە بەلایەنی کەم دەرچووی ( ٩ )ی بنەڕەتی بێت ، ئەرکەکانی ئەمانەن :

أ- چاودێری لە هەموو جێگایەکی ماڵ بوونی دەبێت لەگشت کاتەکان، لە چێشتخانە ورێڕەو و گۆڕەپان و باخچە و هۆلەکان و ئاودەست ... هتد.

ت- هەر (٤) چوار توشبوو ، یەك چاودێری دەبێت ، وە لەکاتی دەرچوون بۆ ناو باخچە وە هەر شوێنێکی تر بۆ هەر (٢) نەخۆش چاودێرێك.

ث- (٢) کەس بۆ چاودێری کامیراکان بەبەردەوامی.

**یازدەیەم: فەرمانبەریIT :** پێویستە (٢) دوو فەرمانبەری هەبێت کە پسپۆربن لە بواری ئایتی و کۆمپیوتەر ، ئەرکەکانیان ئەمانەن:

أ- داخل کردنی زانیاریەکانی رۆژانە کە لە سەر توشبوانی سەنتەر وەردەگیرێت .

ب- شیکردنەوەی زانیاریەکان و خستنەڕووی دەرەنجامەکان و ئاگادار کردنەی بەڕێوەبەر و مامۆستایان و توێژەران مانگانە .

ت- کردنەوەی دۆسیەیەکی تایبەت بە نووسین و بە کۆمپیوتەر بۆ هەر توشبوویەك کە بریتی دەبێت لە فۆڕمی وەرگرتن و بڕیاری لیژنەی پزیشکی و راپۆرت و زانیاریەکان کە لەلایەن توێژەرو مامۆستایان دەنووسرێت .

ث- رایکردنی نووسراو و ئەرشیفی کارگێڕی .

**دوازدەیەم: فەرمانبەری ژمێریاری:** دەرچووی یەکێك لە کۆلیژ یان پەیمانگاکانی ژمێریاری بێت بە مەبەستی راگرتنی داهات و خەرجیەکان و هاوسەنگیان لە ماڵ.

**سێزدەیەم: دایەن :** بۆ هەر (٥) توشبوو دایەنێك.

**چواردەیەم: فەرمانبەری خزمەتگوزاری:** بەپێی پێویست (پاککەرەوە، پاسەوان، باخەوان )

**پازدەیەم: فەرمانبەری پرسگە .**

**شازدەیەم: چێشتلێنەر ودوو یاریدەدەر.**

**ماددەی (١٥): دەوامی ماڵ:**

دەوام (٢٤) کاتژمێر بەردەوام دەبێت وە دەوامی کارمەندەکان رێکدەخرێت بەگوێرەی کارەکانیان وبەپێی پێویست.

**ماددەی (١٦):ڕێکخستن وپۆلین کردنی تووشبوان:**

تووشبوان پۆلین دەکرێن وجیادەکرێنەوە بەگوێرەی رێژەی تووشبوون وتەمەن و ڕەگەز و ژمارە.

**ماددەی (١٧):**
ماڵ پابەند دەبێت بە گەشت پێکردنی توشبوان بەلایەنی کەم جارێك لەهەر مانگێك بۆ دەرەوەی ماڵ و دەرچوون بۆ باخچە وپارك .... بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ڕێژەکەیان کەمە وبەرەو باشبوون چوون ومەترسیان لەسەر نیە بەگوێرەی پێویست و لەژێر چاودێری.

**ماددەی (١٨):**
ماڵ پابەند دەبێت بە گرنگی دان بە پەروەردەی ئاینی توشبوان وفێرکردنی پەرستشەکان.

**ماددەی (١٩): هەڵسەنگاندن :**

**یەکەم**: فۆرمی هەڵسەنگاندن ڕۆژانە لەلایەن مامۆستای تایبەت بە توشبوو لە کۆتایی دەوام پڕدەکرێتەوە و پێشکەش بە بەشی زانیاریەکانی ماڵ (IT) دەکرێت بۆ داخل کردنیان لەسەر کۆمپیوتەر و جیاکردنەوە و شیکردنەوەیان و دەرئەنجامەکان مانگانە دەدرێتەوە بەڕێوەبەری سەنتەر و مامۆستایان و توێژەران ، و لە کۆتایی ساڵدا دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی لەناو تۆماری تایبەت بە وەرگرتنی قوتابیان تۆماردەکرێت لەگەڵ تۆماری هەڵسەنگاندنەکان کە بە دەستەواژەی (زۆر باشە ، باشە ، مام ناوەند) دادەنرێت بەگوێرەی فۆرمێك کەلەلایەن وەزارەت ئامادە کراوە.

**دووەم**: ماڵەکان (٣) مانگ جارێك راپۆرت بەرزبکەنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و پاشان بۆ وەزارەت.

**ماددەی (٢٠):**
ئەگەر توشبووەکە بەرەو پێشچوونی هەبوو لە رووی شیاندنەوە دەگوازرێتەوە قوتابخانەیەکی سەر بە وەزارەتی پەروەردە نزیك شوێنی نیشتەجێ بوونی کە پۆلەکانی پەروەردەی تایبەتی هەبێت.

**ماددەی (٢١):**
بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان خزمەتی تەندروستی و ڕاهێنان و شیاندن و خۆشگوزەرانی پێشکەش دەکەن بە توشبووانی سوودمەند لە ماڵەکانی حکومی لەگەڵ دابین کردنی کەلوپەل وهۆکاری شیاندن و ڕاهێنان و فێرکردن بۆیان کە یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە وشیاندن لە رووی تیۆری و پراکتیکی بە هاوکاری وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە.

**ماددەی (٢٢):**
ماڵ پێویستە پابەندبێت بەم خاڵانەی خوارەوە :

**یەکەم**: ئاگادارکردنەوەی کەس و کاری سوودمەندان لە کاتی نەخۆش بوون و زیان پێگەیشتنیان.

**دووەم**: ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە کاتی گواستنەوەی شوێنی ماڵ لە بینایەکەوە بۆ بینایەکی تر یاخود فراوان کردنی بیناکە.

**سێیەم**: وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت لە کاتی گۆڕانکاری و چاککردنی پەیڕەوی ناوخۆیی ماڵ .

**ماددەی (٢٣):**
وەزیر یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت بۆی هەیە ئەم ڕێککارانە بگرێتەبەر لەکاتی سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکانی وەزارەت لەلایەن ماڵەکانی کەرتی تایبەت:

**یەکەم**: ئاگادار کردنەوە.

**دووەم**: هۆشداری دوای پازدە ڕۆژ لە ئاگادارکردنەوە.

**سێیەم**: سەندنەوەی مۆڵەت و داخستنی ماڵ لەلایەن وەزیر، دوای ئاراستەکردنی هۆشداری پاش تێپەڕبوونی (١) مانگ ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچیەکان.

**ماددەی (٢٤):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٧٠٠١ لە ٢٠٢٢/٩/٢٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (حەڤدەم / ١) لە سیستەمی خانەکانی دایەنگا ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٣ ،ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەموارکردنەوەی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بەخانەکانی دایەنگا لە هەرێمی کوردستان -عێراق**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی ماددەی **(سێیەم)** لە ڕێنمایی ژمارە **(١)ی ساڵی ٢٠٢٢** :

بە لادانی خالی چوارەمی ماددەکە ، واتا ماددەی دوازدە لە رێنمایی ژمارە **(١) ی ساڵی ٢٠١٥** تەنها خاڵی سێیەمی بۆ زیاد دەکرێت .

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) جی بەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە:٣٥٠٩/٢٠ لە ٢٠٢٢/٩/٢٠**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بە پێی ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد.

١- دوای ڕەزامەندی فەرمانگەی چاودێری ناکامانی تایبەتمەند، سەرپەرشتیاری ناکام دەتوانێ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ناکام بکڕێت (شوققە یان خانوو) کە دەکەونە چوارچێوەی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦، بە سەربەخۆیی یان هاوبەشی لەگەڵ خوشك یان براکانی ناکام یان دایکی، بەمەرجێك بیناکە تەواو و ئامادەکراو بێت بۆ نیشتەجێبوون.

٢- دەبێ ناوی ناکامی سەرپەرشتیکراو، لەناو گرێبەستی کڕینەکە هاتبێت کە لە لایەن وەبەرهێن یان خاوەن موڵکی یەکەی نیشتەجێبوونی فرۆشراو ڕێکخراوە و لە لایەن دەستەی وەبەرهێنان یان لقەکانی پەسندکرابێت، دەبێ ئەم ڕستەیە بنووسرێت: (نابێ هیچ ڕەفتارێکی یاسایی لەسەر بکرێت کە مافی لایەنێکی تر بخاتە سەر یەکەی نیشتەجێبوونەکە، مەگەر بە ڕەزامەندی فەرمانگەی چاودێری ناکامانی تایبەتمەند).

٣- پێویستە سەرپەرشتیاری ناکام، ڕێکارەکانی تۆمارکردن بەناوی ناکام لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند تەواو بکات، هەرکاتێک لایەنی وەبەرهێن ڕایگەیاند کە ئەو کۆمەڵگەی یەکەی نیشتەجێبوونەکەی تێدایە، دەتوانن تۆماریان بکەن و خاوەنداریتی یەکە نیشتەجێبووەکان بگوازنەوە بۆ کریارەکان.

٤- وێنەیەك لەم ڕێنماییەهاوپێچی گرێبەستی کڕینی یەکەی نیشتەجێبوون دەکرێت وسەرپەرشتیاری ناکام واژووی لەسەر دەکات.

٥- ئەم ڕێنماییە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)جێبەجێ دەکرێت.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیـــری داد**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٣٩٩٧ لە ٢٠٢٢/٩/٦**

پاڵپشت بەماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی تایبەت بە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی تەرم**

**ماددەی(١): لەرووی دەرەوە:**

١- ڕەنگی سپی بێت و خەتی ڕەشی پانی لەناوەراستی ئۆتۆمبێلەکە بێت .

٢- خەتی ڕەشی پانی (٥٠ سم ) بێت .

٣- مۆدیلی لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ بێت.

٤- تەنها یەك دەرگا لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە هەبێت .

٥- لەپێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە لەسەر سەقف (١) یەك دانە (فرارە)ی شین هەبێت بێ دەنگ (صافرە) .

٦- لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە (٢) دوو دانە لیدی شین هەبێت .

٧- نووسینی سەر ئۆتۆمبێلەکە ناوی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی تەرم و ناوی کۆمپانیا و ژمارەی مۆبایل بەرەنگی سپی لەسەر خەتە پانە ڕەشەکە بنووسرێت .

**ماددەی(٢): لەرووی ناوەوە**

١- رووپۆش کرابێت بە(ستیل) و (عازل) پارێزاو بێت لەسەرما و گەرمای دەرەوە.

٢- ساردکردنەوەی لە پلەی بەستن بێت .

٣- ساحبەی تێدابێت بۆ هەواگۆرکی.

٤- رووناکی تێدا بێت.

٥- شوێنی (نقالە)ی تێدابێت.

٦- زەویەکە داپۆشرابێت بە (ئیپۆکس).

**ماددەی(٣): ناوەوەی دابەش کرابێت بۆ دوو شوێن:-**

١- جێگای مردوو کە صندوقە دەرگای تایبەتی خۆی هەبێت وە سەرووی صندوقەکە روولە بێت.

٢- جێگای کەل وپەلی داپۆشینی لاشەی مردوو کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت (کیسەی مردوو وکفن) .

**ماددەی(٤):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**سامان بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٣٩٩٨ لە ٢٠٢٢/٩/٦**

پاڵپشت بەماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی هاتنی پزیشکی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان**

**ماددەی(١):**

بۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستان ئەبێت داواکاری دکتۆرە بیانیەکە لە ڕێگای نەخۆشخانەیەك یان سەنتەرێکی ڕێگەپێدراو بێت بۆ وەزارەتی تەندروستی ، لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان ڕێگەپێدان و مۆڵەتی نەخۆشخانەکە یاخود سەنتەرەکە دەبێ پشت ڕاست بکرێتەوە ، دواتریش ڕێکارە یاساییەکانی ڕێگەپێدانی کارکردن لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی(٢):**

لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەت لەگەڵ (٢) دکتۆری پسپۆڕی بوارەکە هەڵدەستن بە تاوتوێ کردنی داواکاری پزیشکە بیانیەکان، ئەو لیژنەیە دەسەڵاتی ڕێگەدان بە کارکردنی ناوبراوی دەبێت دواتر لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت ، وە هەروەها دەسەڵاتیان دەبێ کە پێداچوونەوە بەو مۆڵەتانە بکەن کە پێشتر دراون

**ماددەی(٣):**

مەرجە پسپۆری ئەو پزیشکە بیانیە پسپۆریەکی دەگمەن بێت ، ئەو نەشتەرگەریانە ئەنجام بدات کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نادرێت.

**ماددەی(٤):**

هێنانی لاری نەبوونی سەندیکای پزیشکان پێش ڕێگەپێدانی وەزارەتی تەندروستی .

**ماددەی(٥):**

لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان دکتۆری بیانی دەتوانێت بۆ سەردانی بێت بۆ نەخۆشخانەو سەنتەرەکانی کوردستان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

**ماددەی(٦):**

بۆ وەرگرتنی ڤیزاو نیشتەجێ بوون دەبێت لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستیەوە نوسراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ بکرێت جەخت بکرێتەوە لەوەزارەتی ناوخۆ کە بەبێ رەزامەندی وەزارەتی تەندروستی فیزە نەدەن بە دکتۆری بیانی.

**ماددەی(٧):**

لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی ، وەزارەت نوسراو بۆ پزیشکە بیانیەکە دەکات بۆ بەڕێوەبەرایەتی باج بۆ کردنەوەی فایل و دانی باج بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی(٨):**

لەکاتی ڕوودانی هەر ڕووداویکی نەخوازراو بەرامبەر بەنەخۆش یان هەڵەیەکی پزیشکی یان ماکەکانی نەشتەرگەری وە دیارنەمانی پزیشکە بیانیەکە کە نەشتەرگەریەکەی ئەنجامداوە لەهەرێمی کوردستان ئەو پزیشکەی یان نەخۆشخانە دەبێتە کەفیلی ئەو پزیشکە بیانیە بەرپرس دەبێت بەرامبەر دادگا .

**ماددەی(٩):**

پێویستە پزیشکەکە، تەنیا لەو سەنتەرە یا ئەو نەخۆشخانەیە کاربکات کەبۆی دیاری کراوە.

**ماددەی(١٠):**

جەخت لە فەرمانی وەزاری ژمارە (٨٤٢) لە بەرواری (٢٠٢٢/٢/٣) بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا کە بەبێ لاری نەبوونی وەزارەتی تەندروستی یەکسان کردنی بروانامە بۆ هیچ دکتۆرێکی بیانی نەکەن.

**ماددەی(١١):**

لەکاتی ڕوودانی هەر هەڵەیەکی پزیشکی یان ڕوودانی ماکەکانی نەشتەرگەری ، پزیشکە بیانیەکە هاوشێوەی پزیشکە ناوخۆییەکان هەمان یاساو ڕێسای دادگاکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی(١٢):**

پزیشکی نیشتەجێبوو دەبێت، کۆرسی زمانی کوردی وەربگرێت .

**ماددەی(١٣):**

نرخی بینینی نەخۆش و ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەبێ بەهەمان نرخی دکتۆرە ناوخۆییەکان بێت کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان دانراوەو بەپێی یاساو ڕێنماییەکان ، نابێ لەو برە پارەی دیاری کراوە زیاتر وەربگیرێ.

**ماددەی(١٤):**

هەر پزیشکێکی بیانی ئەگەر نیشتەجێی بەردەوام بێت پێویستە یەکسانکردنی بڕوانامە (تعدیل شهادە) بکات ئەگەر بۆ ماوەی کاتی لە ساڵێکدا سێ جار یان زیاتر بێت بە کۆکراوەیی (٤٥) ڕۆژ زیاتر بێت پێویستە پزیشکێکی خۆماڵی خاوەن ناونیشانی ڕاوێژکاری بێت سەرپەرشتی بکات .

**ماددەی(١٥):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**سامان بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە:١٤٩٤٢ لە ٢٠٢٢/٩/١٩**

پاڵپشت بەماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

## ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢

## ڕێنمایی کردنەوەی تاقیگا لاوەکیەکان

**ماددەی (١): مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەیی بۆ یاریدەری تاقیگا:**

١- دەرچووی یەکێک لە پەیمانگا پزیشکیەکان بێت و بڕوانامەی دبلۆمی هونەری لە یەکێک لە لقەکانی شیکاری نەخۆشیەکان بە دەست هێنابێت.

٢- خزمەتی لایەنی کەم (٣) ساڵی هەبێت لە تاقیگایەکانی دام و دەزگا حکومیەکان.

٣- خول و تاقیکردنەوەی تایبەت بەمۆڵەتی دەست دانە پیشەیی تەواو کردبێت.

٤- کاری تاقیگەیی تایبەتی خۆی لە شوێنێکی سەربەخۆ ئەنجام بدات لە ژێر چاودێری پزیشکێکی ڕێگەپێدراو یاخود تاقیگایەکی سەرەکی ڕێگەپێدراو کە پزیشکەکە یاخود بەڕێوەبەری تاقیگایە سەرەکیەکە بەرپرس دەبن لە سەر کارەکانی.

٥- مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەیی بۆ یاریدەری تاقیگا تەنها بۆ دەرچوانی پەیمانگا پزیشکیەکان لقی شیکاری نەخۆشیەکان دەبێت، دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە هەمان پسپۆری خۆی، پێشکەشکار بۆی نیە داوای مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەیی بۆ یاریدەری تاقیگا بکات.

**ماددەی (٢):**

**مەرجەکانی پێشکەش کردن بۆ پێدانی مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەیی بۆ یاریدەری تاقیگا:**

١- فۆرمی داواکاری کە لە لایەن پێشکەشکارەوە پڕ دەکرێتەوە.

٢- بەڵگەنامەکانی پێویست

أ- ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقی یاخود کارتی نیشتیمانی

ب- کارتی زانیاری

ج- وێنە (٢)دانە

د- ناسنامەی خانەنشینی گەر هاتوو خانەنشین بوو

ە- ناسنامەی نێشتەجێبوون بۆ ئەم هاوڵاتیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاتوون.

٣- پشتگیری شوێنی کارکردن ئاراستە بکرێت بۆ بەشی کاروباری هونەری / هۆبەی تاقیگاگان لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان.

٤- پشتگیری سەندیکای پەیوەندار.

٥- پوختەی ڕاژە.

**ماددەی (٣): خول و تاقیکردنەوەی تایبەت بۆ پێدانی مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەیی بۆ یاریدەری تاقیگا:**

١- یاریدەری تاقیگا کە ئارەزووی بەدەست هێنانی مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەیی هەیە، داواکاری پێشکەشی بەشی کاروباری هونەری / هۆبەی تاقیگا لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەکات، وە داواکاریەکە ووردبینی دەکرێت و بەراورد دەکرێت لەگەڵ رێنماییەکان.

٢- پێشکەش کردن بۆ وەرگرتن لە خول و تاقیکردنەوە بە شێوازی پێشبرکێ وە بەپێی رێنماییەکان دەبێت، وە رێکخستن و بەرێوەبردنی بە هەماهەنگی دەبێت لەگەڵ سەندیکای کارمەندانی تەندروستی.

٣- تاقیکردنەوە لە ساڵێکدا یەک جار دەکرێت.

**ماددەی (٤): مەرجەکانی کردنەوەی تاقیگای لاوەکی:**

**أ- لیژنەی کەشف:**

١- لیژنەیەکی تایبەت بە کردنەوە و نوێکردنەوەی مۆڵەتی تاقیگا لاوەکیەکان کە پێک دێت لە نوێنەرانی بەشی هۆبەی تاقیگا لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی و نوێنەرانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی پەیوەندار.

٢- لە کاتی گۆرینی شوێنی تاقیگای لاوەکی، دەبێت دووبارە لیژنە کەشفی شوێنی نوێی تاقیگا بکات لە گەڵ پاپەند بوون بە رێنمای و مەرجە تەندروستیەکان.

**ب- شوێن:**

١- دەبێت رووبەری تاقیگای لاوەکی لە (٦)م$^{٢}$ کەمتر نەبێت.

٢- دەبێت دیوارەکانی تاقیگا داپۆشرابن بە کاشی سیرامیک یاخود بۆیەی زەیتی دژە بەکتریا یاخود بە پلاستیک داپپۆشرێت بۆ پاککردنەوەی بە ئاسانی.

٣- دەبێت تاقیگای لاوەکی شۆرگە و هەوا بەتاڵ کەرەوەی هەبێت.

٤- دەبێت دەست شۆر و ئاودەست لە هەمان شوێن بەردەست بن.

٥- کاوەنتەرەکان لەماددەی دژە بەکتریا دروست کرابێت و سینگی دەست شۆری ئاوی گەرم و ساردی هەبێت.

٦- دەبێت تاقیگای لاوەکی بەفرەخەری کارەبا تێدابێت بۆ پاراستنی کیت و شلەمەنیەکانی تاقیگا.

٧- تابلۆی (تاقیگای لاوەکی) دەبێت هەڵواسرێت لە سەر دەرگای تاقیگا.

٨- پابەند بوون لە سەر پەیرەو کردنی رێنماییەکانی لەناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان.

**ج. ئامێرەکانی تاقیگای لاوەکی و پشکنینە رێگەپێدراوەکان:**

١- ئامێرەکانی تاقیگای لاوەکی:

أ- Laboratory Centrifuge (6 tubes)

ب- Light Microscope (4X ، 10X ، 40X ، 100X)

ج- Spectrophotometer (Semi Automated)

د- Microcentrifuge

هـ- Waterbath (7 Litres)
و- Automatic Pipette (2-20 ، 10-100 ، 100-1000 microliters)
ز- Bilirubin Meter
ح- Automated Haematology Analyzer (3 Part Diff.)

٢- ئەم پشکنینانەی کە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت لە تاقیگا لاوەکیەکان بریتیە لەمانەی خوارەوە:

| ژ | ناوی پشکنین | ژ | ناوی پشکنین | ژ | ناوی پشکنین |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Complete Blood Count (CBC)<br>Or<br>Hemoglobin (HGB)<br>White Blood Cell Count (WBCs)<br>Haematocrit (HCT) | ٧ | Blood Group & Rh | ١٥ | Total bilirubin |
| | | ٨ | C-Reactive Protein (CRP) | ١٦ | Cholesterol، total |
| | | ٩ | Rheumatoid Factor (RF) | ١٧ | Triglycerides |
| ٢ | ESR | ١٠ | ASO | ١٨ | Blood Urea |
| ٣ | Pregnancy test by Rapid Chromatography (Urine & Blood) | ١١ | Brucella Agglutination Test | | |
| ٤ | Blood Sugar (Glucose) | ١٢ | Febrile Antigen (Widal) or Typhoid IgG/IgM Rapid Test | | |
| ٥ | General Stool Examination (GSE) | ١٣ | H. Pylori Ag/Ab Rapid Test | | |
| ٦ | General Urine Examination (GUE) Including UriScan 10 Test Strips | ١٤ | VDRL | | |

**پێنجەم: مۆڵەتی کردنەوە و نوێکردنەوەی تاقیگای لاوەکی:**

١- پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی تاقیگا لاوەکیەکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەت دەردەچێت بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، وە نوێکردنەوەی مۆڵەت ساڵانە دەبێت.

٢- لیژنەی پێکهێنراو هەڵدەستێت بە کەشف کردن بۆ هەبوونی مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەیی و هەروەها بۆ کردنەوە و نوێکردنی مۆڵەتی تاقیگای لاوەکی، لیژنەیەک پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی بەشی کاروباری هونەری / هۆبەی تاقیگا لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بۆ وەرگرتنی داواکاریەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای کارمەندانی تەندروستی.

**ماددەی(٥):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**سامان بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە:١٦٦٦ لە ٢٠٢٢/٩/٢٥**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (چل و پێنج) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی پاراستنی چینی ئۆزۆن لەو ماددە گازییانەی کاریگەرییان لەسەری هەیە**

**ماددە (١):**

مەبەست لەم دەربڕین و زاراوانەی خوارەوە ئەو واتاو پێناسانەیە کە لە بەرامبەریاندا ڕوون کراونەتەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێڕاق.

**دووەم: دەستە:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم.

**سێیەم: سەرۆك:** سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم.

**چوارەم: چینی ئۆزۆن:** یەکێکە لە چینەکانی بەرگە هەوا، کە دەکەوێتە چینی ستراتۆسفیرو، چڕییەکی بەرز لە گەردیلەکانی گازی ئۆزۆن لەخۆ دەگرێت و، کاری پاراستنی زەوییە لە تیشکی سەروو بنەوشەیی زیانبەخش و، پێکهاتە گەردیلەییەکەشی بریتییە لە (٠٣).

**پێنجەم: ڕێککەوتننامە:** بریتییە لە ڕێککەوتننامەی ڤییەنا بۆ پاراستنی چینی ئۆزۆن ساڵی ١٩٨٥.

**شەشەم: پڕۆتۆکۆل:** بریتییە لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی کە لەساڵی ١٩٨٧ لە شاری مۆنتریال لە کەنەدا پەسەندکرا بەئامانجی پاراستنی چینی ئۆزۆن لەڕێگەی لە ناوبردنی پلە بە پلە لە بەرهەمهێنانی ژمارەیەك لەو ماددانەی کە هۆکارن لە کەمکردنەوەی چینی ئۆزۆن.

**حەوتەم: ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن:** ئەو ماددانەن کە بە جێگیرییە کیمیاوییەکانیان دەناسرێنەوە لە چینی بەرگە هەوای نزیك لە ڕووی زەوی و، گەردیلەیەك یان زیاتری لەکلۆر یان برۆم یان هەردووکیانی لەخۆ گرتووەو، دەست دەکات بە چەند کارلێکردنێکی زنجیرەیی لە چینی ستراتۆسفیری هەوایی و، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی چینی ئۆزۆن.

**هەشتەم: سەنتەری نیشتمانی ئۆزۆن:** ئەو سەنتەرەی نێو یەکەری وەزارەتی ژینگەی حکومەتی فیدراڵییە کە ئەرکی جێبەجێکردن و بەدواداچوونە بۆ بڕگەو و پابەندییەکانی نێو ڕێککەوتننامەی ڤییەناو پڕۆتۆکۆلی مۆنتریال لە عێراقدا.

**نۆیەم: لیژنە ی چاودێریی و کۆنترۆڵکردنی ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن:** مەبەست لێی ئەو لیژنە پێکهێنراوەیە لە هەرێم کە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەندامن تێیدا بۆ دیارکردنی مەرج و دیسپلینی مامەڵەکردن لەگەڵ ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن، بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی پڕۆتۆکۆلی مۆنتریال بەهەماهەنگی و هاوکاریی لەگەڵ سەنتەری نیشتمانی بۆ ئۆزۆن.

**دەیەم: سەنتەری ریسایکلینگ:** مەبەست لێی ئەو سەنتەرە ئامادەکراوەیە بۆ ریسایکلینی ئەو ماددانەی کە ملکەچ بەپشکنینن و پێشتر بەکارهێنراون، ئەمەش بەمەبەستی پاککردنەوەیان لەو خڵتەو ماددە ناپەسەندانەی کە تێیاندان، شوێنی ئەم سەنتەرەش دەکەوێتە کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاریی لەپارێزگای هەولێر.

**یازدەم: ماددە دووبارە بەکارهێنراوەکان:** مەبەست لێی ئەو ماددانەن کە پێویستە چاودێریکراوبن، پێشتر بەکارهاتوون و، دواتریش پاکراونەتەوە لەو خڵتەو ماددە ناپەسەندانەی کەتێیاندا بوونە.

**دوازدەم: ماددە چاودێریکراوەکان:** مەبەست لێی ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆنە کە خراونەتە پاشکۆکانی پرۆتۆکۆلی مۆنتریال و هەموارکردنەوەکانی.

**سێزدەم: ئامێرو کەل وپەل و بەرهەمە چاودێریکراوەکان:** مەبەست لێیان ئەو ئامێرو کەل و پەل و بەرهەمانەن کە ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆنیان تێدایە، یان لە کارکردنیاندا ئەو ماددانە بەکار دەهێنن.

**چواردەم: جێگرەوەکانی ماددە کەمکەرەوەکان:** مەبەست لێیان ئەو ماددانەن کە وەك جێگرەوە بەکاردەهێنرێن لە بڕی ماددە چاودێرییکراوەکان، ئەم ماددانەش بەوە دەناسرێنەوە کە کاریگەری و زیانبەخشیان لەسەر چینی ئۆزۆن نییە، یان زۆر کەمەو، کاریگەریشیان کەمە لەسەر گەرمداهێنانی زەوی.

**پازدەم: ئەگەری نەمانی ئۆزۆن:** بریتییە لەو خەمڵاندنە پشتبەستووە بە زانیارییەکانی ئێستا بۆ کاریگەری لەسەر چینی ئۆزۆن کە ماوە نا ماوەیەك پێداچوونەوەو پوختکردنەوەی بۆ دەکرێت.

**شازدەم: رێگەپێدان:** بەڵگەنامەیەکە دەستە دەیدات پێش دەستپێکردن بە ئەنجامدانی هەر چالاکییەك کە کاریگەرییەکی ژینگەیی هەیە لەوەی پەیوەستە بەماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆنەوە کە چاودێرییان لەسەر پێویست کراوە، دوای دڵنیابوون لە هەبوونی ئەو مەرجانەی کە لیژنە ی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن دیاریان دەکات.

**حەڤدەم: مۆڵەتدان:** بەڵگەنامەیەکە دەستە دەیدات بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی ژینگەیی پەیوەست بەماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆنەوە کە چاودێرییان لەسەر پێویست کراوە.

**هەژدەم: پشکەکانی هاوردەکردن:** بریتییە لە سنووردارکردنی ساڵانە بۆ بڕی دیاریکراو لەهەر ماددەیەك لەو ماددانەی کە چاودێرییان لەسەر پێویست کراوە بۆ هەر هاوردەکارێکی تۆمارکراو لای دەستە، دەستەش ساڵانە ئەو بڕانە دیار دەکات بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بەردەستن لە لای لە بارەی قەبارەی چالاکی هاوردەکارەوە.

**ماددە (٢):** ئامانجەکانی ئەم رێنماییە بریتین لە:

١- لەناوبردنی پلە بە پلە هەتا کاتی دەستبەرداربوونی تەواو لە گشت ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن و، دابینکردنی جێگرەوە بێ زیانەکانیش بە پێی حوکمەکانی پرۆتۆکۆلی مۆنتریال و ئەو هەموارکردن و پوختکردنەوانەی کە لەسەری دەکرێت.

٢- ڕێکخستنی هاوردەکردن و هەناردەکردن، گواستنەوەو کۆگاکردن، دەستاودەستکردن و بەکارهێنانی ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن کە چاودێرییان لەسەر پێویست کراوە.

٣-دیارکردن و جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانی دەستە کە هەوڵ دەدات بۆ شیاندنی ئەو کەرتانەی کە لەکارەکانیاندا ئەو ماددانە بەکار دەهێنن کە چاودێرییان لەسەر پێویست کراوەو، پابەندکردنیان بەهەڵس و کەوتی ڕاست و دروست لە پرۆسەی دووبارە بەکارهێنانەوەو چوون بەرەو جێگرەوە شیاوەکان.

٤- شیاندنی کادرو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر چاوخستنە سەر ئەو ماددانەی کە چاودێرییان لەسەر پێویست کراوە، هەروەها قەدەغەکردنی بازرگانیکردنی ناڕەوا بەو ماددانەوە.

٥- گۆڕینەوەی زانیاری و داتا لەنێوان دەستەو وەزارەتی ژینگەی حکومەتی فیدرالی/ سەنتەری نیشتمانی ئۆزۆن.

**ماددە (٣):**

لەسەر گشت ئەو دامودەزگاو دامەزراوانەی کە ئارەزوومەندن لە هاوردەکردن یان هەناردەکردنی ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن و، ئەو ئامێرو کەل وپەل و بەرهەمانەش کە ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆنیان تێدایەو چاودێرییان لەسەر دانراوە، پێویستە خۆیان تۆمار بکەن لای دەستە بۆ بەدەستهێنانی ڕێگەپێدانە داواکراوەکان.

**ماددە (٤):**

سەرۆکی دەستە مافی هەیە ئەو ڕێ و شوێن و ڕێکارە پێویستانە بگرێتەبەر بۆ پاراستنی چینی ئۆزۆن، لە ڕێگەی قەدەغەکردنی ئەو چالاکی و پرۆژانەی کە کار لە چینی ئۆزۆن دەکەن، ئەوەش بەپێی پێداویستییەکانی ڕێککەوتننامەی ڤییەناو پرۆتۆکۆلی مۆنتریال.

**ماددە (٥):**

کاری لیژنە ی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن لە هەرێم:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنە یەك کەپێی دەگوترێت (لیژنە ی چاودێریی و کۆنترۆڵکردنی ماددە کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن) لە دەستە.

لیژنە پێکدێت لە نوێنەرانی وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لەهەرێم، بەو مەرجەی ساڵانە نوێ بکرێتەوە بەپێی داخوازیی و پێداویستییەکانی کار بەم شێوەیە:

أ - نوێنەرێك لە دەستە (شارەزایی لەبوارەکەدا هەبێت) ... سەرۆکی لیژنە

ب - نوێنەرێك لەوەزارەتی ناوخۆ ............................................................ ئەندام.

ج- نوێنەرێك لەوەزارەتی پیشەسازیی و بازرگانی ................................. ئەندام.

د- نوێنەرێك لەوەزارەتی دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ .....................ئەندام.

هـ- نوێنەرێك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری ......... ئەندام.

**دووەم:** لیژنە هەر چوار مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە یان لەهەر کاتێکدا کە پێویست بکات.

**سێیەم:** لیژنە ئەو مەرجانە دیار دەكات كە پێویستن بۆ دەستخستنی مۆڵەتپێدان لەبارەی هاوردەكردن و هەناردەكردنی ئەو ئامێرو كەل و پەلانەی كە مادده كەمكەرەوەكانی چینی ئۆزۆنیان تێدایەو، ئەو بەرهەمانەش كە پێویستە چاودێری بكرێن.

**چوارەم:** دیاركردنی مەرجە پێویستەكان بۆ رێگەپێدان بەو دەزگایانەی كە تایبەتن بە دروستكردن یان بەكارهێنانی كەرەستەو كەل وپەل و ئەو بەرهەمانەی كە پێویستە بەبەردەوامی چاودێری بكرێن.

**پێنجەم:** هەماهەنگی و هاوكاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و دەروازە سنوورییەكان كە لە ڕێگەیانەوە هاوردەكردن و هەناردەكردنی ئەو ئامێرو كەل و پەل و بەرهەمانە دەكرێن كە پێویستە لەژێر چاودێریدابن، بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرتی خولی لەبارەیانەوە، هەروەها لەبارەی هاتنەژوورەوەو چوونەدەرەوەی ئەو كەرەستەو ئامێرو كەل و پەلانەی كە بەشێوەی ترانزێت بە دەروازە سنوورییەكاندا تێپەڕ دەبن و، پێویستیشە ئەو ڕاپۆرتانە بۆ دەستە بنێردرێن.

**شەشەم:** هەماهەنگی و هاوكاری لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی حكومەتی فیدرالی / سەنتەری نیشتمانی ئۆزۆن، بۆ بەدواداچوونی جێبەجێكردنی برگەكانی ڕێككەوتننامەی ڤییەناو پرۆتۆكۆلی مۆنتریال و هەمواركردنەوەكانی لەبارەی مادده كەمكەرەوەكانی چینی ئۆزۆنەوە.

**حەوتەم:** كۆكردنەوەی زانیاریی پەیوەست بە بە كارهێنانەكانی مادده كەمكەرەوەكانی چینی ئۆزۆن لە كەرتە جیاجیاكانداو، ساڵانە تازەكردنەوەی زانیارییەكانیش بە مەبەستی جێبەجێكردنی برگەو پابەندییەكانی ئەم ڕێنماییانە.

**مادده (٦):**كارەكانی دەستە:

**یەكەم:** دەستە هەڵدەستێت بە جێبەجێكردنی ئەو ماددەو بەندو برگانەی كە لە ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەكاندا هاتووە لەبارەی مادده كەمكەرەوەكانی چینی ئۆزۆن كە لەژێر چاودێریدان و، عێراقیش لەو ڕێككەوتننامانەدا بوەتە ئەندام.

**دووەم:** ئامادەكردن و چاودێریكردنی جێبەجێكردنی پلان و ڕێكارەكانی لە ناوبردنی پلە بە پلە لەو كەرەستەو كەل وپەل و ئەو بەرهەمانەی كە پێویستە بە بەردەوامی چاودێری بكرێن و، دانانی كەرەستەو تەكنۆلۆژیا و ئامرازی جێگرەوە (تەكنەلۆژیای نوێ) لەجێگەیان بەجۆرێك كە بگونجێت لەگەڵ پابەندبوونەكانی هەرێم و، بەپێی حوكمەكانی پرۆتۆكۆلی مۆنتریال و هەمواركردنەوەكانیشی بن، ئەوەش بە ئامانجی گەیشتن بە دەستبەرداربوونی تەواوەتی لەو ماددانە.

**سێیەم:** ئامادەكردنی تۆمارێك لەدەستە كە زانیاری تەواو لەخۆ بگرێت لەبارەی هاوردەكاران و هەناردەكارانی هەرێمەوە.

**چوارەم:** بەخشینی ڕێگەپێدانی كارپێكراو بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ڕێكەوتی دەرچوونییەوە، ساڵانەش شیاوی نوێكردنەوە بێت، بەپێی ئەو ڕێكارو مەرجانەی كە لیژنە ی چاودێری و كۆنترۆڵكردنی مادده كەمكەرەوەكانی چینی ئۆزۆن دیاریان دەكات.

**پێنجەم:** بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی کە لە لای دەستە بەردەستن لەبارەی داواکارییەکان بۆ هاوردەکردن، دەستە خشتەیەکی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ هەر هاوردەکارێك بەبڕو پشکە ڕێگەپێدراوەکان بۆ هاوردەکردنی ئەو ماددانەی کە لەژێر چاودێریدان، ئەمەش وەك پابەندبوون بەخشتەی کات و کەمکردنەوە دیارکراوەکان بەپێی پرۆتۆکۆلی مۆنتریال:

- دیارکردنی هێڵی بنەرەتی لە ساڵی ٢٠٠٩ تاکو ساڵی ٢٠١٠.
- دەستکردن بە ڕاگرتنی بەکاربردن بەپێی هێڵی بنەرەتی لە ساڵی ٢٠١٣.
- دابەزاندن بەڕێژەی ١٣.٨% لە ساڵی ٢٠١٥ .
- دابەزاندن بەڕێژەی ٣٨.٨% لە ساڵی ٢٠٢٠ .
- دابەزاندن بەڕێژەی ٦٧.٥% لە ساڵی ٢٠٢٥ .
- دابەزاندن بەڕێژەی ٩٧.٥% لەساڵی ٢٠٣٠ .

ئەوەی ماوە بەڕێژەی ٢.٥% لەکاری چاککردنەوەدا بەکاردێت هەتا ساڵی ٢٠٤٠ .

**شەشەم:** ئەو هاوردەکاران و هەناردەکارانەی کە لە لایەن دەستەوە ڕێگەپێدانیان پێبەخشراوە، لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر)ی هەموو ساڵێك ئاگادار دەکرێنەوە لەو بڕو پشکەی کە بۆیان هەیە لە ساڵی دواتردا هاوردە یان هەناردەی بکەن.

**حەوتەم:** قبوڵکردنی داواکارییە نوێیەکان بۆ تۆمارکردنی بەخشینی ڕێگەپێدان بە هاوردەکردن یان هەناردەکردنی مادده کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن کە لەژێر چاودێریدان، پاش تەواوکردنی ڕێکارەکانی ئاگادارکردنەوە بۆ هاوردەکاران و هەناردەکاران لەلایەن دەستەوە بۆ پابەندکردنیان بەو پشکانەی کەبڕیاریان لەسەر دەدرێت بەپێی پرۆتۆکۆلی مۆنتریال.

**هەشتەم:** ئامادەکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پلانەکانی شیاندنی ئەو کەرتانەی کە لەکارەکانیاندا پشت بەو ماددانە دەبەستن کە لەژێر چاودێریدان و، پێشکەشکردنی پاڵپشتی و پشتگیرییەك کە لە توانادایە بۆ پابەندبوون بە هەڵس و کەوتی ڕاست و دروست لە پرۆسەکانی چاککردنەوەو نوێکردنەوەو وەرچەرخان بەرەو جێگرەوە گونجاوەکان.

**نۆیەم:** ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تەکنیکی لە بارەی مادده کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن لە هەرێمداو، بڵاوکردنەوەیان بەو شێوەیەی کە دەستە دیاری دەکات.

**دەیەم:** ڕێکخستنی چالاکی هۆشیاری ژینگەیی لەبارەی ئەو کەرەستەو ئامێرو کەل و پەل و ئەو بەرهەمانەی کە پێویستە بە بەردەوامی لەژێر چاودێریدابن.

**مادده (٧):** دیارکردنی مەرج و میکانیزمەکانی دەستخستنی ڕێگەپێدان و مۆڵەت وەرگرتن لە دەستە:

**یەکەم:** مەرجە گشتییەکان:

أ- دەستە دەڕوانێتە داواکارییەکان بۆ دەستخستنی ڕێگەپێدان و مۆڵەت وەرگرتن لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی هەر داواکارییەك کە تەواوی زانیارییە داواکراوەکانی تێدا بێت، بۆ دەستەش هەیە کاتەکە بۆ ماوەی (١٠) دە ڕۆژی دیکە درێژ بکاتەوە.

ب- دەستە بڕیاری خۆی دەدات لەبارەی داوای ڕێگەپێدان یان مۆڵەت وەرگرتن دوای وەرگرتنی ئەو کرێ و رسوماتە داراییەی کە دەستەو لایەنی پەیوەندیدار دیاری دەکات.

ج- ڕێگەپێدان یان مۆڵەتەکە دەردەچێت و ماوەی کارپێکردن و هەر مەرجێك لەخۆ دەگرێت کە دەستە دایاندەنێت.

**دووەم:** لەسەر هەر داواکارێکی ڕێگەپێدان بۆ هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان دووبارە هەناردەکردنەوە یان بەکارهێنانی ئەو کەرەستەو ئامێرو کەل وپەل و ئەو بەرهەمانەی کە پێویستە بە بەردەوامی لەژێر چاودێریدابن، یان ئەو ماددانەی کەدووبارە دروست دەکرێنەوە، پێویستە داواکار داوایەك ئاراستەی دەستە بکات بەپێی ئەو فۆرمەی کە لە پاشکۆی ژمارە (١) لەم ڕێنماییەدا دانراوەو، دەبێ ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوەی لەگەڵ هاوپێچ بکرێن:

أ - لیستی ڕەسەنی کڕین کە لە وڵاتی دروستکاردا پشتڕاست کرابێتەوە.

ب - بڕوانامەی ڕەسەن و پشتڕاستکراوەی شوێنی دروستکردن.

ج- بەڵگەنامە یان پسوڵەی ڕەسەنی ناردن.

د- داتا گومرگییەکانی بارەکە (مانیڤێست).

هـ- ڕێبەری تەکنیکی ئامێر یان کەل وپەلی هاوردەکراو.

و - ڕەزامەندی هەناردەکردن لەو وڵاتەی کە لێوەی هاوردە دەکرێت.

ح - ڕەزامەندی هاوردەکردن لەو وڵاتەی کە بۆی هەناردە دەکرێت (لەحاڵەتی هەناردەکردن یان دووبارە هەناردەکردنەوە).

**سێیەم:** داواکار بۆ ڕێگەپێدان بە گواستنەوە لە ڕێگەی تێپەڕاندنی باری هەر ماددەیەك یان ئامێرێك یان کەل و پەلێك یان ئەو بەرهەمانەی کە پێویستە لەژێر چاودێریدابن، لە ڕێگەی هەر دەروازەیەکی هەرێمەوە (وشکانی یان ئاسمانی)، پێویستە داوایەك پێشکەش بەدەستە بکات بەپێی ئەو فۆرمەی کە لەپاشکۆی ژمارە (٢)ی ئەم ڕێنماییە دانراوەو، دەبێ ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوەی لەگەڵ هاوپێچ بکرێن:

أ - ڕوونکردنەوەیەك بۆ جۆری ماددە گواستراوەکان و بڕەکانیان.

ب - بڕوانامەی ڕەسەن و پشتڕاستکراوەی شوێنی دروستکردن.

ج - ڕێگەپێدانی هاوردەکردن لە لایەن ئەو وڵاتەی کە لێی هاوردەکراوە.

**چوارەم**: پێویستە داوایەك بەجیا پێشکەش بکرێت بۆ هەر ماددەیەك یان ئامێرێك یان کەل و پەلێك یان بەرهەمێك، لەسەر داواکاری ڕێگەپێدانەکەش پێویستە ئەو هاوپێچانە دەست بخات کە بەپێی ڕێنماییەکان پێویستن و، جگە لەهەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە دەستە داوای بکات.

**ماددە (٨):**

پشکنین و چاودێری بۆ سەر سەرپێچیکارانی ئەم ڕێنماییە و گرتن یان بەندکردنیان لە ڕێی دادگاوە، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ لەکاتی پێویستدا لەبارەی ئەو کارانەی پەیوەستن بە کۆنترۆڵکردنی سەرپێچیکارانەوە.

**مادده (٩):میکانیزمەکانی دابەشکردنی زیادەی (بەش) پشکەکانی هاوردەکردن:**

**یەکەم:** هاوردەکارو هەناردەکاری ماددەکانی کەمکەرەوەی چینی ئۆزۆن کە لەژێر چاودێریدان، پابەند دەبن بە ئاگادارکردنەوەی دەستە لە حاڵەتی وەستانی تەواوەتی یان نیمچە وەستانی کارەکانیان لەماوەی(٣٠)سی ڕۆژ لە ڕۆژی وەستانەکەدا، دەستەش مافی هەیە ئەو بەشەی ئەوان کە هێشتا هاوردە نەکراوە، دابەش بکات بەسەر ئەو هاوردەکارانەی دیکە کە تۆمارکراون لای دەستە.

**دووەم:** لە ڕێکەوتی وەستانییەوە، هاوردەکار بۆی نییە مامەڵە بەو (بەشەوە) پشکەوە بکات کە بۆی تەرخان کراوە، کە هێشتا هاوردە نەکراوە.

**سێیەم:** لەسەر لیژنە یە هاوردەکاران لەم دابەشکردنە ئاگادار بکاتەوە لە ماوەیەکدا کەمتر نەبێت لە (١٥) پازدە ڕۆژ لە دوای ڕێکەوتی دابەشکردنەکەوە.

**مادده (١٠):**

کۆنترۆڵکردنی کەرەستەو ئامێرو ئەو بەرهەمانەی کەپێویستە لەژێر چاودێریدابن، لە ڕێگەی دەرچوواندنی لیستێك بەو ماددانەوە لە لایەن دەستەوەو بەهەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ سەنتەری نیشتمانی ئۆزۆن، بەو شێوازەی کە دەگونجێت لەگەڵ پابەندییەکانی هەرێم لەبارەی پرۆتۆکۆلی مۆنتریالەوە.

**مادده (١١):**

أ - هاوردەکردنی بەکارهێنراو لە ئامێرو کەل وپەل و ئەو بەرهەمانەی کە پێویستە لەژێر چاودێریدابن قەدەغەیە.

ب- هاوردەکردنی ئەو ئامێرو کەل و پەلە نوێیانەو، ئەو بەرهەمانەی کە پێویستە لەژێر چاودێریدابن قەدەغەیە، جگە لەوانەی بە ڕەزامەندی دەستە دەبێت.

ئەو بەرهەمانەش کە ماددەی دیارکراوی ئەوتۆی تێدایە کە دەبێت لەژێر چاودێریدابن ئەمانەن:

١- یەکەی ساردکەرەوەی هەوای ئۆتۆمبێلەکان.

٢- یەکەو ئامێری ساردکەرەوەو خۆشکەرەوەی هەواو گەرمکەرەوەی ماڵان و بازرگانی (ناوەندی) کەبریتین لە سەلاجەو موجەمیدەو ساردکەرەوەی ئاوو ئامێری بەفر دروستکردن.

٣-ئەو بەرهەمهێنراوانەی کە دژی داخوران و ژەنگ بەکار دەهێنرێن و، بەرهەمەکانی ئێرسۆل، جگە لە (بەخاخ)ی پزیشکی.

٤-کەل و پەلە گواستراوەکانی ئاگرکوژێنەوە.

٥-پانێڵەکانی دابڕین و داپۆشەری بۆڕییەکان (پانێلی ئەسبێست: سەندویچ پانێڵ).

**مادده (١٢):**

باری هاوردەکراو یان تێپەڕبوو (ترانزێت) کە بەشێوەی نایاسایی هاتوون، هاوردەکار پابەند دەکات لەسەر حسابی خۆی بارەکە بگێرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێی هاوردە کردووە، ئەوەش لە حاڵەتەکانی هاوردەکردن بەبێ ڕێگەپێدانی پێشوەخت یان بەهۆی لە یەکنەچوونی بارەکە لەگەڵ داتای ڕێگەپێدانەکە، یان بارەکە زیاد لە پشکی ڕێگەپێدراو بێت، یان زانیاری ناڕاست پێشکەش کرابێت.

**مادده (١٣):**
لیژنەی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی مادده کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن هەڵدەستێ بەدیارکردن و دانانی مەرج و پێوەرە پێویستەکان بۆ ڕێگرتن لە ئازادکردنی ئەو ماددانەی کە دەبێت چاودێریکراوبن بۆ نێو هەوا، هەروەها هەڵدەستێت بە ڕێگەپێدان بەکۆمپانیاو وەرشەو کاری تاکێکیش ئەگەر کار بکات لەکەرتی ساردکرنەوەدا، ئەویش بەپێی مەرج و پێوەرە پەسەندکراوەکان دەبێت.
**مادده (١٤):**
ڕێگە نادرێت بە هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان هەناردەکردنەوەی مادده کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن کە لە ژێر چاودێریدان، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ئەندام نین لەپرۆتۆکۆلی مۆنتریال.
**مادده (١٥):**
لە ناوبردنی مادده کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن یان ئەو ئامێرو کەل وپەل و بەرهەمانە کە ئەو ماددانەیان تێدایە قەدەغەیە، مەگەر ڕێگەپێدانی پێشوەختەی لە دەستەوە بەدەست هێنابێت. هەروەها لە حاڵەتی لە ناوبردنی ئەو ماددانەش کە لە ڕێگەی سنوورەکانەوە ئەنجام دەدرێن، ئەوا پێویستە ڕێکارەکانی ڕێککەوتننامەی بازل لەبەرچاو بگیرێن لەبارەی گواستنەوەی پاشماوە مەترسیدارەکان ودەستبەرداربوون لێیان لەنێو سنوورەکانەوە.
**مادده (١٦):**
پێویستە دەستە ساڵانە زانیاری و داتا بداتە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لەبارەی جێبەجێکردنی ئەو ماددانەی کە لە ماددەی پازدەم ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها پێویستە زانیاریش لەبارەی ئەو ماددەو ئامێرو کەل و پەل و ئەو بەرهەمانەش کە دەبێت لەژێر چاودێریدابن بداتە ئەنجومەنی وەزیران، بەمەبەستی گشتاندنیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
**مادده (١٧):**
ئەو کۆمپانیاو لایەنە هاوردەکارانەی کە لەهەرێمدا ئەو ماددانە هاوردە دەکەن کە دەبێت لەژێر چاودێریدابن، پێویستە پابەندبن بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی پشکنینی وەرزی (کشف) بۆ دەستە لەبارەی بڕی فرۆشراو یان بەکارهێنراو لەو ماددانەی کە دەبێت لەژێر چاودێریدابن، هەروەها لەگەڵ ناوی ئەو لایەنانەش کە دەیانکڕێت یاخود لێیان کڕدراوە، ئەمەش بەپێی بەڵگەنامەی سەلمێنەر لەسەر ڕاستی ئەو زانیارییانە دەبێت.
**مادده (١٨):**
پێویستە گشت ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانەی کە لە بواری مادده کەمکەرەوەکانی چینی ئۆزۆن لەهەرێمدا کار دەکەن، پابەندی ماددەو بڕگەکانی ئەم ڕێنماییەبن.
**مادده (١٩):**
سەرپێچیکارانی ئەم ڕێنماییە بە پێی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان سزای یاساییان بەسەردا دەسەپێندرێت.
**مادده (٢٠):**
ئەم ڕێنماییە دوای(٩٠) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار/عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

**هاوپێچی ژمارە (١)**

## فۆرمی داواکاری مۆڵەتپێدان بە کەرستەو ئامێرو کەلوپەل و بەرهەمەکانی کە لەژێر چاودێریدان:

### زانیاری تایبەت بە داواکاری مۆڵەتپێدان

ناوی پێشکەشکاری داواکاری:

ژمارەی ناسنامە:

شوێنی نیشتەجێبوون:

ژمارەی مۆبایل:

ژمارەی تۆماری داواکاری:

رێکەوتی تۆماری داواکاری:

جۆری داواکاری: تازەکردنەوە ☐ دەرچواندنی تازە ☐

ناوی کۆمپانیا:

ژمارەی تۆماری بازرگانی:

### چالاکی تایبەت بە ماددەکانی کە لەژێر چاودێریدان

جۆری چالاکی:

هاوردەکردن ☐ هەناردەکردن ☐ دووبارە هەناردەکردن ☐

بەکارهێنان ☐ گواستنەوەی ترانزێت ☐ کۆگاکردن ☐ لەناوبردن ☐

زانیاری لەسەر ماددەکان: ☐ ئەو ماددەی کە دووبارە دەکرێتەوە

ناوی زانستی ماددەکە:

ناوی بازرگانی ماددەکە:

برِەکەی:

وڵاتی دروستکار :

شێوازی هەناردەکردن ئەگەر چالاکی هەناردەکردن، یان دووبارە هەناردەکردن یاخود گواستنەوەی ترانزێت بێت:

پشکی هاوردەکردنی ساڵانەی رێپێدراو بە هاوردەکار:

مەبەست لە بەکارهێنان و وردەکاری چالاکیەکە.

واژوو:

مۆری کۆمپانیا:

### چالاکی تایبەت بە ئامێرو کەلوپەل و بەرهەمەکانی کە لەژێر چاودێریدان

جۆری چالاکی:

هاوردەکردن ☐ هەناردەکردن ☐ دووبارە ناردنەوە ☐

بەکارهێنان ☐ گواستنەوەی ترانزێت ☐ کۆگاکردن ☐

لەناوبردن ☐

زانیاریی ئامێر یان دووبارەکراوە یان بەرهەم هاتوو:

نوێ ☐، بەکارهاتوو ☐

ناوی ئامێر یان دووبارەکراوە یان بەرهەم هاتوو:

برِەکەی:

بوونی ئەو ماددە تێیدا کە لەژێر چاودێریدایە:

وڵاتی دروستکار :

شێوازی هەناردەکردن ئەگەر چالاکی هەناردەکردن، یان دووبارە هەناردەکردن یاخود گواستنەوەی ترانزێت بێت:

لایەنی هاوردەکار ئەگەر چالاکیەکە هاوردەکردن یاخود گواستنەوەی ترانزێت بێت.

مەبەست لە بەکارهێنانی و وردەکاری چالاکیەکە:

واژوو:

مۆری کۆمپانیا:

**هاوپێچی ژمارە (٢)**

فۆرمی داواکاری مۆڵەتپێدان بە دروستکردن و بەکارهێنانی ماددەو ئامێرو کەلوپەل و بەرهەمەکانی کە لەژێر چاودێریدان:

| **زانیاری تایبەت بە پێشکەشکاری داواکاری مۆڵەتپێدان** | |
|---|---|
| ناوی پێشکەشکاری داواکاری:<br>ژمارەی ناسنامە:<br>شوێنی نیشتەجێبوون:<br>ژمارەی مۆبایل:<br>ژمارەی تۆماری داواکاری:<br>ڕێکەوتی تۆماری داواکاری:<br>ناوی کۆمپانیا:<br>ژمارەی تۆماری بازرگانی: | |
| **چالاکی ماددەکانی کە لەژێر چاودێریدان** | **چالاکیەکانی تایبەت بە ئامێرو کەلوپەل و بەرهەمەکانی کە لەژێر چاودێریدان** |
| جۆری چالاکی: دروستکردن ☐ بەکارهێنان ☐<br>زانیاری لەسەر ماددەکە: ☐ ئەو ماددەی کە دووبارە دەکرێتەوە<br>ناوی زانستی ماددەکە:<br>ناوی بازرگانی ماددەکە:<br>بڕەکەی:<br>جۆری بەکارهێنان و وردەکاری لەسەر چالاکیەکە:<br>واژوو:<br>مۆری کۆمپانیا: | جۆری چالاکی: دروستکردن ☐ بەکارهێنان ☐<br>ناوی ئامێر یان دووبارەکراوە یان بەرهەم هاتوو:<br>نوێ ☐ بەکارهاتوو ☐<br>ناوی ئامێر یان دووبارەکراوە یاخود بەرهەم هاتوو:<br>بڕەکەی:<br>بوونی ئەو ماددە تێیدا کە لەژێر چاودێریدایە:<br>جۆری بەکارهێنان و وردەکاری لەسەر چالاکیەکە:<br>واژوو:<br>مۆری کۆمپانیا: |

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە:٢٠١٤٢ لە ٢٠٢٢/٩/١٣**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٣) برگەی (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**

وەرگرتنی کرێی کارگێری خزمەتگوزاری بەڵگەکانی تاوان بە هەموو جۆرەکانی (کەیسە شارستانیەکان ، کەیسەکانی داواکاری خودی هاوڵاتیان) بەپێی ئەم بڕە پارانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە:

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی کرێی کارگێڕی خزمەتگوزاری (بە دینار) | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محکومیە بە زمانی کوردی) | (٢٥.٠٠٠) بیست و پێنج هەزار | بۆ یەك بەڵگەنامە |
| ٢ | بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محکومیە بە زمانی عەرەبی) | (٥٠.٠٠٠) پەنجا هەزار | بۆ یەك بەڵگەنامە |
| ٣ | بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محکومیە بە زمانی ئینگلیزی) | (١٥٠.٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار | بۆ یەك بەڵگەنامە |
| ٤ | پشکنینی DNA | (١.٠٠٠.٠٠٠) یەك ملیۆن | بۆ یەك سامپل |
| ٥ | پشکنینی بەراورد کردن (مظاهاة) (دەست نووس، پەنجەمۆر و هەر جۆرە بەراوردکردنی تری دیکیۆمنتی) | (٣٠٠.٠٠٠) سێ سەد هەزار | بۆ یەك سامپل |
| ٦ | پشکنینی کیمیاوی (بە هەموو جۆرەکان) | (٢٥٠.٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار | بۆ یەك سامپل |
| ٧ | پشکنینی فیزیاوی (بە هەموو جۆرەکان) | (٢٠٠.٠٠٠) دوو سەد هەزار | بۆ یەك سامپل |
| ٨ | پشکنینی ئامێری ئەلیکترونی و مۆبایل و پەیج و سایت | (١٠٠.٠٠٠) سەد هەزار | بۆ یەك پشکنین |
| ٩ | کرێی کارگێڕی | (١٠.٠٠٠) دە هەزار | بۆ هەر داواکارییەك |

**ماددەی (٢):**

ئەو کرێیانەی کە لە ماددەی (یەکەم) دیاری کراوە تەنها لەو کەیسانە وەردەگیرێت کە لە دادگا شارستانییەکان یان لەسەر داواکاری خودی هاوڵاتی یان کەسی بیانی رەوانە دەکرێن، و هیچ کرێی خزمەتگوزاری لە کەیسە سزاییەکان کە لە دادگاکانەوە رەوانە دەکرێن و پشکنینی ئیسك و پروسکی ئەنفالکراوان و منداڵانی ونبووی کیمیابارانی هەڵەبجە وەرناگیرێت.

**ماددەی (٣):**

رێژەی (١٠٠%)ی ئەو کرێیانەی کە لە ماددەی (یەکەم) دیاری کراوە دەگەرێتەوە بۆ گەنجینەی هەرێم و دواتر لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بە پێی رێنماییەکانی حکومەت بری (٧٠%) بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێت و بڕی (٣٠%) بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەبێت بە مەبەستی پەرەپێدانی بەرێوەبەرایەتی لێکوڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان لە هەرێم و تەنها بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت.

**ماددەی (٤):**

ئەو بڕە پارانەی کە لە ماددەی (یەکەم) دیاری کراوە بە پسوولەی (٣٧/أ) وەردەگیرێت .

**ماددەی (٥):**

چەند ئەژمێرێکی بانکی دەکرێتەوە لە بەرێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەی تاوانی هەرێم لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی دانانی بڕی (٣٠%)ی کە لە ماددەی (سێ یەم) دیاری کراوە .

**ماددەی (٦):**

ئەم بەیـــانە لە رۆژی دەرچـــوونیەوە جێبەجـــێ دەکرێـــت و لە رۆژنـــامەی وەقـــایعی کوردســـتان بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و ماددەی (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنـامەی ڕەسمی (وەقایعی کوردستان) ئەم بەیانەمان دەرکرد :

ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە (ڕێنمایی ئاگادارکردنەوەی پـڕۆژ سـەرپێچی کارەکـان و لە کار ڕاگرتنیان) برگەی دووەم لە ماددەی (٣) هەمواردەکەینەوە بەم شێوەی خوارەوە :

بەڕێوەبەری پرۆژە یان ڕێپێدراوەکەی بۆی هەیە داوای درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە بکات کە لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوە ، سەرۆکی دەستە یان ڕێپێدراوەکەی بۆیـان هەیە مـاوەکەی بۆ درێژبکەنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

- بۆ پرۆژەکانی پۆلێنی (أ) سێ مانگ
- بۆ پرۆژەکانی پۆلێنی (ب) دوومانگ
- بۆ پرۆژەکانی پۆلێنی (ج) یەک مانگ

ئەگەر چەسپێنرا کە ماوەی یەکەم بەشی ناکات

- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار/عبدالرحمن صديق**
**سەرۆکی دەستە**

**وزارة البلديات والسياحة**

**رقم: ١٠٤٢٤ في ٢٠٢٢/٩/١٢**

استناداً الى الفقرة الرابعة من المادة السادسة و العشرون من قانون السياحة رقم (٩) لسنة ٢٠٢٢ اصدرنا التعليمات الاتية:

**تعليمات رقم(٣) لسنة ٢٠٢٢**

**تعليمات تنظيم مهنة المرشد السياحي**

**المادة (١):**

يقصد بالتعابير والمصطلحات الآتية المعاني المبينة إزاء كل منها :

**أولاً: إلاقليم :** إقليم كوردستان العراق .

**ثانياً: الهيئة:** الهيئة العامة للسياحة في الاقليم.

**ثالثاً: رئيس الهيئة:** رئيس الهيئة العامة للسياحة في الإقليم.

**رابعاً: المديرية العامة:** المديرية العامة للسياحة في المحافظات والإدارات المستقلة في الإقليم.

**خامساً: المدير العام:** مدير عام للسياحة في المحافظات وإلادارات المسقلة في الإقليم.

**سادساً: المهنة :** مهنة مزاولة المرشد السياحي في نطاق جغرافي – إداري محدد رسمياً.

**سابعاً: المرشد السياحي:** الشخص الطبيعي الذي يرافق السياح ويعمل على تزويدهم بالمعلومات اللازمة مقابل أجر.

**ثامناً:الإجازة:** الموافقة الرسمية التى تمنح للشخص لمزاولة مهنة المرشد السياحي وفقاً لهذه التعليمات.

**تاسعاً: الشارة :** أية علامة خاصة تحددها الهيئة لتمييز الشخص الذي يمارس مهنة المرشد السياحي.

**عاشراً: البطاقة المهنية :** الهوية الخاصة التي تتضمن المعلومات الضرورية عن المرشد السياحي.

**المادة (٢) :**

يقوم المرشد السياحي في جميع أنحاء الإقليم وكافة المناطق السياحية في تزويد السياح بجمع المعلومات ذات الطبيعة الجغرافية أو التأريخية أو المعمارية أو الثقافية أو الأجتماعية أو الأقتصادية أو الدينية او التراثية وغيرها ، وكذلك مساعدة السياح ومرافقتهم راجلاً أو على متن سيارات النقل في الطريق العام والمواقع السياحية و داخل المأثر و المتاحف و والاماكن ذات النظامية او الفنية و المؤسسات السياحية و الأماكن العامة.

**المادة (٣):**

يشترط في المتقدم لطلب إجازة مزاولة مهنة المرشد السياحي ما يأتي :

**أولاً:** يكون عراقي الجنسية ومن سكنة إقليم كوردستان-العراق.

**ثانياً:** أن لا يقل عمره عن(١٨) ثماني عشرة سنة.

**ثالثاً:** أن يكون حاصلاً على شهادة أكاديمية أولية في سياحة.

**رابعاً:** أن يجتاز دورة تدريبية تقام من قبل الهيئة أو المديريات العامة.

**خامساً:** أن يكون عضواً في جمعية ذوي المهن السياحية في الأقليم.

**سادساً:** أن لا يكون موظفاً في دوائر الدولة إلا إذا كان مجازاً من قبل الدائرة رسمياً ولمدة لا تقل عن سنة واحدة ويمارس المهنة أثناء الإجازة.

**سابعاً:** أن يجيد اللغتين الكوردية والعربية ويفضل أن يجيد اللغة الإنكليزية أو أية لغة أجنبية أخرى.

**المادة (٤):**

**أولاً:** على طالب الإجازة :

أ- تقديم طلب لمزاولة المهنة كتابياً إلى الهيئة أو المديريات العامة وفقاً للنموذج الرسمي المعد لهذا الغرض بعد دفع رسم مزاولة المهنة.

تقديم الوثائق والمستمسكات التي تثبت توفر الشروط المنصوص عليها في المادة (٣) من هذه التعليمات.

**ثانياً:** تشكيل لجنة تقييم وقبول يرأسها مدير الشؤون السياحية وعضوية كل من مدير الإعلام والعلاقات و القانونية بعد إجراء مقابلة المتقدم لممارسة المهنة وتحديد مستواه وفقاً لمحددات المبينة في النموذج الرسمي الخاص بذلك والبث فيها خلال مدة لا تزيد على (١٠) عشرة أيام من تأريخ تسلمها.

**المادة (٥):**

تصدر المديرية العامة البطاقة المهنية والشارة الخاصة بها للمرشد السياحي.

**المادة (٦):**

يحظر على مرشد السياحي القيام بما يأتي:

**أولاً:** الألحاح في عرض خدماته على السياح.

**ثانياً:** تقديم أية معلومات غير صحيحة تضر بسمعة الإقليم و أمنه وتشوية تأريخه وحضارته.

**ثالثاً:** مرافقة الزوار أو السياح في الأماكن السياحية إلا بعد أخذ موافقتهم .

**رابعاً:** إشتراط الحصول على أية مكافئة ما عدا الأجور من أصحاب الشركات الوكالات والمكاتب السياحية أو السياح او المحلات التجارية .

**خامساً:** القيام بأعمال و ممارسات تتنافى مع الآداب و الأخلاق والعادات.

**سادساً:** تناول المشروبات الكحولية أثناء القيام بالإرشاد.

**المادة (٧):**

للمرشد السياحي طلب التوقف عن مزاولة المهنة لمدة لا تزيد على سنة واحدة ، واذا زادت المدة عن ذلك فعليه تقديم طلب جديد لمزاولة المهنة.

**المادة (٨):**

**اولاً:** إذا خالف المرشد السياحي أي حكم من أحكام هذه التعليمات يوجه إليه تنبيه، وعند تكرار المخالفة يوجه إليه إنذار ، وإذا تكررت المخالفة يتم سحب الإجازة منه

**ثانياً:** يعاقب كل من انتحل صفة المرشد السياحي بموجب أحكام القوانين النفذة في الإقليم .

**ثالثاً:** يعاقب بموجب أحكام القوانين النافذة في الإقليم كل مرشد السياحي تصرف بالإجازة أو البطاقة المهنية أو الشارة الخاصة به.

**المادة (٩):** على المرشد السياحي الألتزام بما يأتي:

**اولاً:** حمل البطاقة المهنية والشارة الخاصة به أثناء العمل وإبرازها عند الطلب.

**ثانياً:** الأهتمام بالمظهر اللائق والنظافة الشخصية.

**ثالثاً :** تحسين مستواه التأهيلي والمهني و حضور الدورات التدريبية والتأهيلية التي تعد في مجال الإرشاد السياحي كلما دعت الحاجة إلى ذلك.

**رابعاً:** المحافظة على أخلاقيات المهنة وآداب ممارستها من شرف وأمانة و الألتزام بالمواعيد المحددة في البرامج السياحية.

**خامساً:** إعطاء البيانات و المعلومات الخاصة بمزاولة المهنة للجهات المعنية.

**سادساً:** تزويد الجهات المعنية بأية تعديلات بخصوص المعلومات الشخصية والمهنية عن المرشد السياحي فور وقعها.

**سابعاً:** عدم الإخلال بالمضامين التأريخية والاجتماعية في الإقليم.

**ثامناً :** الأستقبال والتوديع الجيد للسياح والزوار.

**تاسعاً:** القيام بالشرح الجذاب و المجدي، وتزويد السياح و الزوار بالمعلومات الدقيقة والصحيحة الازمة.

**عاشراً:** تقديم المساعدة الممكنة للسياح وإعلام الجهات الرسمية بالمفقودات الشخصية للسياح أو الزوار.

**المادة (١٠):**

يعفي المرشد السياحي أثناء العمل والنشاط من رسوم الدخول لجميع المرافق والمنشآت السياحية والمتاحف و الأماكن الأثرية والمعارض السياحية في الإقليم.

**المادة (١١):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذه التعليمات.

**المادة (١٢):**

تنفذ هذه التعليمات من تأريخ نشرها في جريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**ساسان عونى**
**وزير البلديات والسياحة**

**وزارة العدل**

**رقم: ٣٥٠٩/٢٠ في ٢٠٢٢/٩/٢٠**

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢**

استناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب المادة (١٠٥) من قانون رعاية القاصرين رقم (٧٨) لسنة ١٩٨٠ المعدل، اصدرنا التعليمات الآتية:

١- للوصي على القاصر بعد موافقة دائرة رعاية القاصرين المختصة على شراء وحدة سكنية (شقة/ دارسكن) للقاصر المشمولة بقانون الاستثمار رقم (٤) لسنة ٢٠٠٦ على وجه الاستقلال او مشاركة مع احد اشقاء القاصر او والدته على ان تكون مكتملة البناء ومنجزة ومهيأة للسكن مباشرة.

٢- ان يكون اسم القاصر المشمول بالوصاية مدرجاً في عقد الشراء المنظم من قبل المستثمر او مالك الوحدة السكنية المباعة ومصادقاً عليه من قبل هيئة الاستثمار او فروعها على ان يتم تثبيت جملة (لايجوز اجراء اي تصرف قانوني يرتب حقاً للغير على الوحدة السكنية الا بموافقة دائرة رعاية القاصرين المختصة)

٣- على الوصي اكمال اجراءات التسجيل بأسم القاصر لدى دائرة التسجيل العقاري المختصة حال مبادرة الجهة المستثمرة للمجمع السكني الذي تقع فيه الوحدة السكنية بأجراءات التسجيل ونقل ملكية الوحدات السكنية للمجمع الى المشترين.

٤- ترفق نسخة من هذه التعليمات بعقد شراء الوحدة السكنية ويوقع عليها من قبل الوصي.

٥- تنفذ هذه التعليمات من تاريخ نشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**فرست احمد عبدالله**
**وزيـــر العدل**